نێچیرڤان بارزانی: هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێم ئەرێنی بەوە دەچن

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمیانی دیدارێکی لەگڵ باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق دووپاتیکردەوە کە هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێم ئەرێنی بەوە دەچن.

سەرکایەتی هەرێم لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە"نیوەی ئەمە چوارشەممە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە نیکۆلە فینتانا باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق و شاندی یاوەری کرد.

وتیشی لەو کۆبوونەوەیەکدا پێیوەندییەکانی ئیتاڵیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران، هەروەها دەربارەی دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواییین پێشهاتەکانی ناوچەکە، بیروڕایان گۆڕییەوە.

ڕوونیشیکردەوە هەردوولا جەختیان لە خواستی دوو لایەنە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان و فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەش لە بوارە جیاکاندا دووپات کردەوە.

دەربارەی پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بەوەی کرد کە هەوڵەکان ئەرێنی بەووە دەچن.

دۆخی سووریا، هەوڵەکانی پرسەی ئاشتی لە تورکیا و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو کە کونسوڵی گشتیی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو.